# هاژەی ڕووبارێکی بەپێڵ

بە گیانی سپیی: ئەرشەد ڕەزایی, محەممەد عەزیز قادریی, یونس محەممەدپوور, عەدنان ئیسماعیلیی, موززەففەر کازمیی و مەعرووف سوهرابیی. پێشکەش.



پۆلا سەعید

سەرەتای پاییزێکی پڕ تەمومژ بوو
وەک لاپەڕەکانی مێژووی قاجار و پەهلەویی
پڕ شمشێری تاوان و پڕ فتوای قەلاچۆ و سەربڕین بوو،
پاییزێک کە بۆینباخی پەتایەکی کووشندەی بەستبوو
لە دەربەندەکانی نەفامیی خۆمانەوە
ڕەشەبای ڕق و کینە و خۆخۆریی هەڵکردبوو،
پاییزێک کە نۆکەرەکانی کۆماری پەت و قەنارە
لە دەرزیلەی ڕیشی درێژی خیانەتیان
تەنافێکیان بۆ مەرگی شەش بەوری چاونەنووستووم
هەڵخستبوو،
ئەرشەد شنەی "با"یەک بوو
دەیویست لە بەرەبەیانێکی ئازادیی دا
بۆ تەنها جارێک لە بانیژەی سەربەخۆییەوە هەڵبکا،
محەممەد چرایەک بوو دەیویست
بەرلەوەی ئایەتووڵڵاکانی ئیتلاعاتی خوێن بیکووژێننەوە
بە لووتکەی بریینەکانی سابلاغەوە خۆی هەڵبکا،
ئەی گەشمردەکانی پاییزێکی حەپەساو
ئەی یونس و عەدنانی لەناو عەبا و جبەکانی
تاواندا خنکاو،
ئێوە ئەگەر هەرچیی مێژەری سپیی

www.kurdistannet.org

دەروون ڕەشە بێدەنگییتان لێبکەن
تاکە ژەژەرێکی ئەو کێوانە هەر دەبێت
مێژووی مەرگتانی لە نۆتەکانی خۆیدا نووسیی بێت،
ئەی موززەففەر و مەعرووفی نەغمە سەربڕاو
لە ئیمڕۆ بەدواوە ئێوە پەڕێکن لە گوڵەکانی ئێخەی ئازادیی و
ڕەنگێکن لە تاڵەکانی پەلکەزێڕینە و هەتاو،
ئێوە ئەگەر ڕەفسنجانییەکانی مەملەکەتی تیرۆریش
ناونیشانتان ونبکەن
پیرەدرەختێکی مەچەک ئەستووری
شارەزوورم هەر دەبێت
ناوی یەکە بە یەکەتانی لەسەر سینەی خۆی
هەڵکۆڵیبێت،
*
ئەوان هەر وابوون
لەژێر سایەی ئیسلام دا
بکووژی کۆترەکەی ئاشتیی و
پەتی قەنارەی پەروانە و گوڵ بوون،
دژی گەڵا و گوڵی درەختی تێکۆشان و
دژی ئازادیی و
دژی دەنگی ڕەوای هەقی کورد بوون،
ئەوان هەر هێلکە و گەرای سەفەویی بوون
لە کەژاوەی والیەکانی شیعە دا
پێشڕەوی کێرد و چەقۆ بوون،
بەڵام سبەی چیی ئەکەن
ئەوکاتەی زەڵمی تووڕە
بە هاژەی شەپۆلێکی یاخییەوە
پەردە لە ڕووی شانۆی خوێنیان هەڵباتەوە؟
ئارەقەی تەوێڵی ئەرشەد و محەممەد
بە جێگەپەنجەی جەللادەکانی کۆماری قەنارەوە
بۆ باوەشی دایکانیان بەرێتەوە،
ئەوە ئەژدیها کڵاوسپیی‌یەکانی نەوەی شاسماییلن
زمانی گەرووی تینووی خوێنیان
بە لاشەی خوێن لەبەر ڕۆیشتووی ئەم کوردستانەدا ئەخشێنن،
ئەوە دووپشکە مێزەر سپیی‌یە ناخ زەلکاوەکانی

www.kurdistannet.org

نێو میحرابی تیرۆرە
وەک سیسرکەکەچەڵە
بەسەر ڕۆحی لەداردراوی ئەم خاکەمدا ئەقیرێنن،
ئەمە مەملەکەتی جبە و عەبا و چاڵەخەڵوزانی کینە و شەڕە
دادپەروەریی چۆن تێیدا لەدایک دەبێت؟!
لە قەفەزی تەل دڕکاویی مێزەر بەسەردا
کۆتری ئاشتیی چۆن باڵدەگرێت؟!
لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی ئیمام دا
وشەی ئازاد کوا ڕەنگ دەکرێت!
چۆن نێرگز و شەهلا بەسەر نووکی شمشێرەوە سەوز دەبێت؟!
ئەمە مەملەکەتی کێرد و شمشێرە
لەبری کۆتر و پێنووس و گوڵ
هەزران قەسابی مێزەر سپیی
دەروون بە قەقنەسبوویان تێدایە،
دەستیان ددانی تیژی تیمساحی خوێنە و
وا لە بینەقاقای ئەم کوردستانە لە خاچدراوەدایە،
تارانی تەور
تارانی ئۆقیانووسی خوێن و
تەڵەی شکانی قاچی ئازادیی و بەور،
ڕۆژێک نییە و ساڵێک نییە و
سەدان ساڵ نییە
وەک ئەژدیهای حەوت سەری دڕ
فوارەی خوێنی لەبەر ڕۆیشتووی گوند و شارم نەخواتەوە
وەک تەوری دەست جەللادە مێزەرسپییەکانی مزگەوتەکانی سەرڕێ
لە ناوقەددا نەمبڕێتەوە،

*

جاران لە کوردستان دەژییام
ئێستا کوردستان لە مندا دەژیی
جاران لەسەر وەجاخی داپڵۆسێنەری فاشستەکان ئەبرژام
ئێستا نامۆییی
بۆ من ئەگریی،
لێرە هێشووی ئەشکم لەژێر ساباتی نامۆیییدا
بە تەرزەی خەمی کوردەوە هەڵئەوەرێ
لەم هەواری ترافیەیەدا

www.kurdistannet.org KURDISTAN NET

هەر ڕۆژەی شاپەڕی هەڵکێشراوی هەڵۆیەکی چوارمێخە کێشراو
بە پۆستی هەوری گریەیەکدا
لە سندووقی قوڵی خەمم ئەکرێ،
جاران لە کوردستان دەژییام
تفەنگ هاوڕێی هەمیشەییی و
گوڵ ئەستێرەی سەرشانم بوو
دووکەڵی پەرتپەرتبووی سەرگوندێکی ڕاگوێزراوم
دڵۆپێ فرمێسکی قەتیسماوی چاوانم بوو،
ئێستانێ بەم شەش برینە مۆرانەوە
لە گوڵە هێرۆیەکی هەڵوەریووی
ژێر تۆفانی ساڵ دەچم
بەم شەش برینە کووت کووتکراوەوە
لە کولێرەیەکی نێوچەوان دڕوای دەستی شەللاعێکی
وڵات ئەچم،
لەو ڕۆژەوە بارانی خوێنی ئەم شەش جوانووەم
تەوێڵی تەڕکردووم
ئیدی درەختی هاوارم بەرەو بارەگای ویژدانی مردووی
ئەم جیهانە کەڕ و لاڵە
سەد هێندەی دی کەڵەگەتتر بووە،
لەو ڕۆژەوە سەمفۆنیای مەرگی ئەم شەش چرایەم
گوێکانی قوڵاغ و قووتتر کردووم
ئیدی ژێی دەنگم بەرەوڕووی میحرابەکانی کێرد و چەقۆ
سەدهێندەی دی گڕتر و سوورتر بووە،
ئەی مەملەکەتی تفەنگ و کێبڵ و خامەنەییی
ئەم ڕێیە سەرەتای هەڵچوونی هاژەی ڕووبارێکی بەپێڵە
خۆ گەر گێژاوێکی نێرینەی ڕێبوارم بخنکێنن
ئەم کوردستانەم هێشتا لانکەی هەڵۆ و
هەزاران پێشمەرگەی هەڵمەت شێرە.
ئەی دوژمنانی پەروانە و گوڵ و هەتاو
ئەی چزووی زەردەواڵەکانی ئیتلاعاتی خوێن
ئەوە ئێمەین هەر لە گەرمەی پرسەی ئەم شەش گوڵە دا
جارێکی دی بە قەڵبەزەی چیای گڕ و خوێنەوە
دەبینەوە بە هاژەی ڕووباری بەپێڵی ئەم خاکە و
دەبینەوە بە زنەی چاوەکانی چەم و کانییاو،

KURDISTAN NET www.kurdistannet.org

سەدان ساڵە لە پرسەی گوڵەگەنمەکانی ئەم خاکەداین
سەدان ساڵە ملوانکەی هەڵوەریووی نیشتیمان
دەنک ... دەنک بە تاڵەدەزووی ڕۆحی شەهیدانەوە دەکەین،
سەدان ساڵە هەر شەهیدە ئەبێت بە شاپڵیتەی چرای مێژوو و
هەڵئەگیرسێت لەو کێوانە،
هەر شەهیدە ئەبێتە تووڕەیی زریان و
ئەبێتە گڤەی "با" و بەرئەبێتە سنگی شەختەی ئەو دەربەندانە،
ئەی شەش بریینە شیینەوەبووەکانی پاییزێکی حەپەساوم
ئەی شەش چرا ڕۆشنەکانی نێو گلێنەکانی هەردوو چاوم،
ئەی ئەرشەدی خامەی شیعرم و
ئەی محەممەدی شنەی "با"کەی نێو کروز و هەناوم،
ئەی یونسی ناسک وەک پەڕەی گوڵ
ئەی عەدنانی خۆشەویستی بەرپەنجەرەی دڵ،
ئەی موززەففەری وەک ژیلەمۆ هەڵگیرساو
ئەی مەعرووفی برژانگەکانی چاوی هەتاو،
ئێوە گوڵەگەنمی دەغڵی زمانی کوردیی بوون
پۆستەچیی نێوان ئەویینەکەی شیریینی خاک و
فەرهادەکانی پێشمەرگە بوون،
کەڵەپشکۆ بوون لە کوانووی جۆشدراوی ئەم کوردستانە لەت لەتەدا
داگیرسابوون،
*

لەسەر عەرشی تەختی ئیمامەکان
کۆتری ئاشتیی هەڵنانیشێ
لەسەر تەختەی شانۆی ڕەشی پاسدارەکان
شانۆی سپیی پێشکەش ناکرێ،
گوڵە گەنمێک نییە لە دەغڵی مین و بۆمبادا سەوز ببێ و
فوارەی خوێنی سرووتی باڵای بەرنەبێ،
دڵۆپێک لە بارانی ساڵ نییە بە دوکەڵی چڕ و ڕەشی تاواندا تێپەڕێ و
ئاوێتەکانی ڕەنگی نەشێوێنرێ،
ئێوە ئەی توولەمەلا سەرسپییەکانی کۆشکی ئیمام
تەماشاکەن چۆن بۆ نەوەکانی فتوای سوڵتانی خوێن
بوونەتە قەعدەی ژێر سم و بوونەتە مەسینە و
بۆ ڕشانەوەیان بوونەتە جام،
بزووتنەوەی ئیسلامیی بوون

www.kurdistannet.org

نەگ کوردایەتیی
ئاڵای دەستیان نۆکەرایەتیی بوو
نەگ نیشتیمانپەروەریێتیی،
لە پاییزێکی پڕ تەمومژ دا
لە باوەشی خاک و خۆڵی شارەزوور دا
دەستبەندیانکردن
پۆلێک پەرەسێلکەی دیل بوون
بە رێچکەی ڕیزێکی تەماویی دا ئەڕۆیشتن،
ئەرشەد و محەممەد و یونس بوون
خەمەکانیان وەکوو بازنگ
لە مەچەکی عەدنان و موززەففەر و مەعرووف کرابوون،
ڕیزێک شیعری نالیی بوون
بۆ بەردەمی قەسابەکانی تاران ئەچوون،
لە زەردەپەڕێکدا یەک لە دوای یەک سەریان بڕیین
شەش  گوڵەمێلاقەی دامێنی سەفیین بوون
شەش نێرگز، شەش گوڵاڵەسووره و شەش شەستپەڕ بوون سەریان بڕیین
لەو ڕۆژەوە جەستەی هارڕاوی ئەم کوردستانەش
بۆتە شەش پەڵەی شیینبۆوەی زووخاوکردوو
بۆتە شەش هاواری مۆربۆوەی یەک تاکە بریین،
شەش ترپەی لێدانی هەرمێی دڵی خۆرهەڵات بوون
لە زیندانەکانی توونی بابای ئیمامەکان دا
بە دەستی جەللادەکانی کۆماری قەنارەوە شیینهەڵگەڕان
وەک لیمۆی مەمکەکانی قەرنا و قەڵاتان
تا  دوا ناوک و تا دوا چرکەی هەناسەدانیان هەتا مردن گووشران
گووشران
گووشران
گووشران،

30.04.04

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET